بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقـایعی کوردستان

**ڕۆژنامـەی ڕەسمیی حکـومەتی هـەرێمی کوردسـتـانە / وەزارەتـی داد دەری**

ژمـارە( ٢٨ ) سـالّی سێیـەم ٢٠٠٢/٥/٦ زایـنـی(١٢) ی گـوڵان ٢٧٠٢ کـوردی (٢٦)ی سـەفەر ١٤٢٢ی کـۆچی

## لەم ژمـارەیـەدا :


- یاسای ژمارە ( ٤ )ی سالّی ٢٠٠٢ — ل١
  یـاسـای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ـ عێـراق
- بڕیاری ژمارە ( ٣ )ی سالّی ٢٠٠٢ — ل١٠
  زیادکردنی ئەندامی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی
  هـەرێـمـی کـوردسـتـانـی عێراق
- بەیانی ژمـارە ( ٣٧٢ )ی سـالّی ٢٠٠٢ — ل١١
  کـردنـەوەی قـەزای دەشتی هەولێر
- بـەیـان ژمـارە ( ٢ )ی سالّی ٢٠٠٢ی وەزارەتی تەندروستی — ل١٤
  کردنەوەی پەیمانگای پزیشکی دادگوزاری لە پارێـزگای هـەولێـر
- بەیان ژمـارە ( ٣ )ی سـالّی ٢٠٠٢ی وەزارەتی داد — ل١٥
  سپاردنی کێشە و ناکۆکییەکانی سنووری قەزای شێخان
  بـە دادگـاکـانی نـاوەنـدی پارێـزگـای دهـۆك
- ڕێنمایی ژمـارە ( ١ )ی سـالّی ٢٠٠٢ی وەزارەتی ناوخـۆ — ل١٦
  ڕێنمایی چۆنیەتی دروست بوون و دەست بەکاربوونی
  ڕێکخـراوە کـوردسـتـانیـە غـەیـرە حکـومییـەکان


ئـەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـوردستان

www.mojkurdistan.com

www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هـەولێر بالّەخانەی وەزارەتی داد

2230351,2230352,2230353,2222512

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٢٨) السنة الثالثة ٦/٥/ ٢٠٠٢م (١٦) گولآن ٢٧٠٢ ك (٢٤) صفر١٤٢٢ هـ

## في هذا العدد

• قانون رقم (٤) لسنة ٢٠٠٢ ص١٨
قانون اتحاد معلمي كوردستان العراق

• قرار رقم (٣) لسنة ٢٠٠٢ ص٢٦
أضافة أعضاء جدد الى اللجان الدائمة في المجلس الوطني لكوردستان العراق

• بيان المرقم (٣٧٢) لسنة ٢٠٠٢ ص١١
أستحداث قضاء دەشتی هەولێر

• بيان رقم ( ٥ ) لسنة ٢٠٠٢ ص١٤
أستحداث معهد الطب العدلي في محافظة أربيل

• بيان رقم ( ٣ ) لسنة ٢٠٠٢ ص١٥
أسناد الدعاوي و القضايا ضمن حدود محاكم قضاء الشيخان الى محاكم مركز محافظة دهوك

• تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٢ ص١٦
كيفية تشكيل و عمل المنظمات الكوردستانية غير الحكومية

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

سعر النسخة ( ٥ ) دنانير البدالة / 2222512,2230351,2230352,2230353

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتان ـ عێـراق**
**ژمارەی دەرهێـنــــان : ٤**
**رۆژی دەرهێـنــــان : ٢٠٠٢/٤/١٧**

پـشت بـە حوکمـەکانی برگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومـەن لـە دانیـشتنی ئاسـایی ژمـارە (٩)ی رۆژی ٢٠٠٢/٤/١٦ یدا ئەنجـــامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەلاتەش کە برگـە (٣)ی مـاددەی دووەمـی یـاســـای ژمـــارە (١٠)ی ســـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، برِیـــاری دەرهێنـانی ئـەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسـای ژمــارە (٤)ی سـاڵی ٢٠٠٢
## یاسـای یەکێتی مامۆستایانی کـوردستانی ــ عێـراق

### بەشـی یەکـــەم

**ماددەی یەکـــەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :

١. هەرێم : هەرێمی کوردستانی ــ عێراق .
٢. وەزارەت : وەزارەتی پەروەردە .
٣. یەکێتی : یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ــ عێراق .
٤. ئەنجومەن : ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ــ عێراق .
٥. مەکتەبی سکرتاریەت : مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامستایانی کوردستانی ــ عێراق .
٦. دەستەی گشتی : هەموو ئەندامانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ــ عێراق .
٧. مامۆستا : هەموو مامۆستاو وانە بێژێکی سەر بە وەزارەتـی پـەروەردەو تەدریـسییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەگرێتەوە .

### بەشـی دووەم :
### دامـەزرانـدن و ئامانـجەکان

**ماددەی دووەم :**

بە پێی ئەم یاسایە ، یەکێتییەك بە ناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی ــ عێراق دادەمەزرێو بارەگا سەرەکییەکەی لە هەولێری پایتەخت دەبێو بۆیشی هەیـە لـق لـە پارێزگاکـانی هەرێمدا بکاتەوە .

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سـێیــەم :**

یـەکێتی رێکخراوێکـی پیـشەیی سـەربەخۆیەو ، شەخـسییەتی مەعنـەویی خـۆی هەیـەو ، مـافی مولّکداربوونی مولّك و ماڵی گواستەنی و ناگواستەنیشی هەیە .

**ماددەی چـوارەم :**

**یەکـەم :** یەکێتی بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە تێدەکۆشێ :

١. چەسپاندنی پێڕۆی فیدرالیزم بۆ کوردستانی ــ عێراق .
٢. داکۆکی کردن لە ئازادییە دیموکراتییەکان و ئاشتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ .
٣. لەبەرزکردنەوەی سـەویەی پـەروەردەیی و فێرکـاری و توانـستی زانـستی و رۆشـنبیری و هزریی مامۆستایاندا هاوبەشی دەکاو ، بـە جـۆرێکی ئـەوتۆش ئامادەیـان دەکـات کـە بـڕوای تەواو بە مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریو ئامانج و ئاواتەکانی بزاڤی رزگـاریخوازی کورد (کوردایەتی) بێنێتە دی .
٤. لە دانانی ستراتیجییەتی پێڕۆی پەروەردەو فێرکاری هەرێمـدا بەشـدار دەبـێ بـۆ تـەیار و ئامادەکردنی مینهاج و بەرنامەگەلێ کە لە گەڵ ئامـانج و ئاواتـە رەواکـانی گـەلی کوردسـتانی عێراقدا بلوێو بگونجێ .
٥. رێز لە پیشەی فێرکاری دەگرێ و پیرۆزیی قوتابخانـەو پـەیمانگاو زانکۆکـان دەپـارێزێ و داکـۆکی لـە مافـەکانی مامۆسـتایانی کوردسـتان دەکـا و ، ئامـانج و ئاواتیـان دێنێتـە دی ، زەمانەتی ئەوەیان دەکا کە بە ئازادیەکی تەاوەوە ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەدا بکەن.
٦. بـۆ بەرزکردنـەوەی سـەویەی ژیـن و ژیـاری مامۆسـتایان تێدەکۆشـێ و ، راژەو خزمـەتی کۆمەلآیەتی و تەندروستییان لەو بوارانەدا پێشکەش دەکات کە ژیـانێکی بـە حورمـەتیان بـۆ بێنێتە دی .
٧. کەلەپووری نەتەوایەتی لە کوردستاندا دەپارێزێو ، دۆخی رۆشنبیری بەرەو چاکتر دەباو ، رۆڵی مامۆستایش لە بنیادنان و بەرەو چاکتر بردنی شارستانی و ، لە بـە مـەدەنی کردنـی کۆمەڵگای کوردستانیدا زەق و زۆپ دەخاتە ڕوو .
٨. لە فێرکردنی ئیلزامیو فێرکردنی گەورەکان و نەهێشتنی بێ سەوادی لە هەرێمـدا بەشـدار دەبێ .
٩. لـە گـەڵ سـەندیکاو رێکخـراو و یـەکێتی و کۆمەڵـە پیـشەیی جەماوەریـەکانی نـاوەوەو دەرەوەی هەرێمدا هاوکۆمەك دەبێ و پێوەندییان لە گەڵدا بەرەو چاکتر دەبات .
١٠. پێوەندیی خۆی لە گەڵ مامۆستایانی باقیمەنی ناوچەکانی عێراقدا توند و تۆڵتر دەکات .

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١١. مامۆسـتایانی كوردسـتان لـه نـەدوەو كـۆنگرە پـەروەردەیی و زانـستیەكانی دەرەوەی هەرێمدا بەشدار دەكات .

١٢. بـۆ زامنكـردن و پاراسـتنی مافـە پـەروەردەیی و رۆشـنبیرییەكانی نەتـەوە بـە برایـەتی ژیاوەكانی ناو هەرێمدا تێدەكۆشیٚ .

**دووەم :** یەكێتی لە پێناوی وەدیهانینی ئامانجەكانیدا بۆی هەیە :

١. كۆمەڵەو یانەی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی تایبەت بە مامۆستایان لە هەرێمدا دابمەزرێنیٚ .

٢. سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەو كۆمەڵەو دام و دەزگایانە بكات كە خۆی دایاندەمـەرزێنیٚ و بۆیشی هەیە ئەندامێك وەك نوێنەری خۆی لە دەستەی ئیدارەی ئەو كۆمەڵانەدا دابنیٚ .

**ماددەی پێنجـەم :**

ئەمانەی خوارەوە بە ئەندامانی یەكێتی لە قەڵەم دەدرێن :

أ. هەموو مامۆستاو وانە بێژەكانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو تەدریسییەكانی پـەیمانگاو زانكۆكان لە هەرێمدا .

ب. مامۆستا شەهیدەكانی بزاڤی رزگاریخوازی كوردستان ئەندامانی شەرەفن .

ج. مامۆستایانی شۆڕشی رزگاریخوازی ئەیلوول ئەندامی شەرەفن .

د. خانەنشینەكان لە ئەنـدامانی یـەكێتی بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ (لـە رۆژی خانەنـشینی و لـە وەزیفە دەست بەردانەوە) بە ئەندام دەمێننەوە .

## بەشـی سـێیـەم

**ماددەی شەشـەم :**

یەكێتی لەم دەستانەی خوارەوە پێك دێت :

١. دەستەی گشتی .

٢. ئەنجومەنی تەنفیزی .

٣. مەكتەبی سكرتاریەت .

٤. دەستەی لق .

٥. لیژنەی قـەزا .

**ماددەی حەوتـەم :**

أ. دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەكێتی پێك دێت كە ئیلتزاماتی خۆیان بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بەجیٚهێناوە . دەستەی گشتی باڵاترین دەسەڵاتی یەكێتییەو ، هـەر دوو ساڵ جارێك ، لـە مەركـەزی یـەكێتی ، بـۆ كۆنگرەبەسـتنی گشتی ، مەندوبـەكانیان بـە رێژەیەك كە ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەكات كۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی یەكێتیو

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت كە ژمارەیان (١٥) پازدە ئەندامی ئەسڵی و چوار ئەندامی یەدەگە . (نصاب) یش بە ئامادەبوونی دوو سێیەكی ژمارەی مەندوبان دێتە جێ ، جا ئەگەر هات و (نصاب) نەهاتەجێ ، ئەوە ، لەو بارەدا ، دوای (١٥) رۆژ لە كۆبوونەوەی یەكەم ، لە هەمان شوێن و كاتدا ژمارەی مەندوبانی ئامادەبوو ، چەند دەبن ، ببن ، ئەو ا (نصاب) هاتووەتەجیۆ ، هەڵبژرادن دەست پێ دەكات .

ب. سەرۆكی یەكێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و ئەندامانی مەكتەبی سكرتارییەت و ئەندامانی دەستەكانی لقەكان ، هەموویان ئەندامی كۆنگرەن .

ج. یەكێتی بۆی هەیە ، لەسەر داوای (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی یان لەسەر داوای سێیەكی ئەندامانی دەستەی گشتی كۆنگرەیەكی لاوەكی ببەستێ .

**ماددەی هەشتەم :**

كەسێ بۆ سەرۆكایەتیی یەكێتی هەڵببژێردرێ مەرجە لە هاوولاّتیانی هەرێم بێت و خزمەتیشی لە (١٥) سالێ كەمتر نەبێ .

**ماددەی نۆیەم :**

سەرۆكی یەكێتی ئەم ئەرك و فرمانانەی خوارەوە دەگێرێ :

أ. لە لایەنە دادگایی و ئیداری و كۆنگرەكاندا دەبێتە نوێنەری یەكێتیو ، موعامەلەو بەلگەنامەكانی سەر بە یەكێتی تەسدیق دەكاو ، بۆیشی هەیە هەندێ لەم ئەرك و فرمانانەی بسپێرێ بە یەكێ لە ئەندامانی ئەنجومەن كە خۆی بەگەنی بكات .

ب. سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی دەكات .

**ماددەی دەیەم :**

ئەگەر پایەی سەرۆكی یەكێتی چۆل بوو و ، باقیمەنی ماوەی كۆنگرەی گشتیش لە شەش مانگ زیاتر بوو ، ئەوە ، لەو بارەدا ، بە هەمان ئەو شێوازەی لەم یاسایەدا هاتووە سەرۆكێكی دی بۆ یەكێتی هەڵدەبژێردرێت .

## ئیش و ئەرك و فرمانی كۆنگرە

**ماددەی یازدە :**

١. لە یاساگەلی سندوقی زامنكاری و سندوقی وەفات و سندوقی نەخۆشیی سەخت و ترسناكی سەر بە یەكێتی دەكۆڵێتەوە و گفتوگۆیان لەسەر دەكات و ئیقراریان دەكات.

٢. لە یاسای یەكێتی دەكۆڵێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەكاو پێشنیازی پێویست بۆ هەمواركردنی پێشكەش دەكات.

٣. لە پێڕۆی ناوخۆ دەكۆڵێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەكا و ئیقراری دەكات .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٤. لە ئەرك و فرمانی لیژنەکانی کۆنگرەی گشتی دەکۆڵێتەوە و ڕێکیان دەخاو ، هەردوو ڕاپۆرتی ئیداری و دارایی ئیقرار دەکات .

## پێکهاتەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی و ئەرکەکانی

**ماددەی دوازدە :**

**یەکەم :** ئەنجومەنی تەنفیزی لەمانە پێك دێت :

١. سەرۆکی یەکێتی .
٢. ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت .
٣. سەرۆکانی لقەکانی پارێزگاکان .

**دووەم :** ئەنجومەن ئەم ئەرك و فرمانانەی خوارەوە بە ڕێ دەخات :

١. بەدواداچوونی ئیشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و دەستەکانی لقەکان .
٢. بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەو ئیقرارکراوەکانی کۆنگرە .
٣. ئامادەکردنی بوجەی گشتی و حساب و حسابکاریی کۆتایی .
٤. بەخشینی شەرەفی ئەندامێتی بە شەخسیاتی پەروەردەیی و هزرمەندان .
٥. لێکۆڵینەوەو گفتوگۆکردن لەسەر پێڕۆی ناوخۆو پێشکەش کردنی پێشنیازی پێویست بۆ هەموارکردنی .

**سێیەم :** ئەنجومەنی تەنفیزی کۆبوونەوەی خولەکانی خۆی ، هەر سێ مانگ جارێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری یەکێتی ساز دەدات و ، بۆیشی هەیە هەر کاتێ پێویست بێت کۆبوونەوەی لاوەکی ساز بدات .

## مەکتەبی سکرتاریەت

**ماددەی سیازدە :**

**یەکەم :** مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی کارای ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتی لە قەڵەم دەدرێ و لەناو ئەندامەکانیدا سکرتێرێك هەڵدەبژێرێ دەبێتە جێگری سەرۆکی یەکێتی و بەرپرسانی لیژنە دارایی و ئیداریەکان و ئیش و کار بەسەر ئەندامەکانیدا دابەش دەکات . سەرۆکی یەکێتی لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتارییەتدا ئامادە دەبێو ، کە ئامادەش بوو کۆبوونەوەکە بە سەرۆکایەتی ئەو ساز دەدرێ .

**دووەم :** کەسێ بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سکرتاریەت یان بۆ دەستەی لقەکان هەڵبژێردرێ مەرجە هاووڵاتیی هەرێم بێت و خزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێت .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم :** مەكتەبی سكرتارییەت ئەم ئیشانەی خوارەوە بە ڕێ دەخات :

١. بەركارخستنی موقەڕەرات و راسپاردەكانی كۆنگرەی گشتی .
٢. بەكارخستنی موقەڕەرات و ئاڕاستەكاری و ڕێنماییەكانی ئەنجومەن .
٣. سەرپەرشتی بزاڤەكانی لقەكان و دەرهێنانی ئاراستەكاری و ڕێنمایی پێویست بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی رەوشی پەروەردەیی‌و فێركاری و توندو تۆڵ كردنی پێوەندی لە گەڵ دەستەگەلی ئیدارەی لقەكان .
٤. ئیقرار كردنی خەرجی دارایی پێویست بۆ جێبەجێكردنی ئیشەكانی مەكتەبی سكرتارییەت (لە سنووری سەلاحییاتی ئیقراركراوو لە چوارچێوەی ئەو بڕە پارانەدا كە لە بوجەی گشتیدا بۆی دانراوە) و ، بۆیشی هەیە موناقەلاتی دارایی لە چوارچێوەی بوجە ئیقراركراوەكەدا بخاتەكار .
٥. بۆ توندو تۆڵ كردنی پێوەندیی خۆی لە گەڵ سەندیكا و ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەرییەكانی هەرێمدا تێدەكۆشێ .
٦. بوجەی ساڵانەو حساب و حسابكاریی كۆتایی ئامادە دەكاو پێشكەشی دەكات بە ئەنجومەن بۆ تەسدیق كردنی .

## دەســـتەی لـق

**ماددەی چـــوارده :**
**یەكـەم :**

١. مەندوبەكانی پارێزگا ، كە بۆ ئەندامێتیی كۆنگرەی گشتی هەڵبـژێردراون ، دوای تەواوبوونی ئیش و كارەكانی كۆنگرە كۆ دەبنەوە بە سەرپەرشتی مەكتەبی سكرتاریەت بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق كە لە حەوت ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ پێك دێت .
٢. دەستەی لق لە كۆبوونەوەی یەكەمیدا سەرۆكی لق و بەرپرسانی لیژنە تایبەكارەكان هەڵدەبژێرێ .

**دووەم :** دەستەی لق ئەم كار و فرمانەی خوارەوە بە ڕێ دەخات :

١. بەركارخستنی موقەڕەرات و راسپاردەكانی مەكتەبی سكرتارییەت .
٢. لە چوارچێوەی بوجەی ساڵانەی یەكێتیدا گفتوگۆ لەسەر بوجەی ساڵانەی لق دەكات و ڕێنماییگەلی دارایی و سندوقی زامنكاری و سندوقی وەفات و سندوقی نەخۆشییە سەخت و ترسناكەكان دەخاتە بەركار.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## لیژنەی قـــەزا

**ماددەی پـازدە :**

**یەكەم :** مەندوبەكانی قەزا ، كە بۆ ئەندامێتیی كۆنگرەی گشتی هەڵبژێردراون ، دوای تـەواوبوونی ئیش و كارەكانی كۆنگرە كۆدەبنەوە بە سەرپەرشتی دەستەی لق بـۆ هەڵبـژاردنی لیژنـەی قـەزا لەناو خۆیاندا كە لە (٣) سێ ئەندامی ئەسڵی و یەك ئەندامی یەدەگ پێك دێت .

**دووەم :** لیژنەی قەزا لە یەكەم كۆبوونەوەیدا سەرۆكێك لەناو ئەندامەكانیدا بۆخۆی هەڵدەبژێرێ ، سەرۆك لە كۆبوونەوەكانی دەستەی لقدا ئامادە دەبێت .

**سـێیـەم :** ئیش و كاری لیژنەی قـەزا :

١. بەركارخستنی بریارو ئاڕاستەكاریەكانی دەستەی لق .
٢. سەرپەرشتی كاروباری یەكێتی لە قەزادا .
٣. بەرزكردنەوەی راپۆرتگەلی دەوری بۆ دەستەی لق دەربارەی هەر شتێك كە پێویست بێت بۆ بەرزكردنەوەی سەویەی فێركاری .

## بەشـــی چـــوارەم
## دارایـی یـەكێـتـــی

**ماددەی شازدە :**

**یەكـەم :** دارایی یەكێـتی لەمانە پێك دێت :

١. هەر مامۆستاو وانەبێژێكی ئەندام مانگانە پێنج دینار دەدات و بەم شێوەیەی خوارەوە لە مووچەكەی دادەشكێنرێ:
   أ. دوو دینار بۆ بەرژەوەندی سندوقی زامنكاری .
   ب. یەك دینار ئابوونەی بەشداربوونی سندوقی وەفات .
   ج. یەك دینار ئابوونەی بەشداربوونی سندوقی نەخۆشییە سەختەكان .
   د. یەك دینار ئابوونەی مانگانەی ئەندامێتی .
٢. هەموو ئەندامێكی تەدریسی لە پەیمانگاو زانكۆكاندا دووقاتی ئەوە دەدەن كە لـە بڕگـەی (١)ی سەرەوەدا بڕیاردراوە.
٣. دەسنگە (منح) و یارمەتی كە حكومەتی هەرێم بە یەكێتیی دەبەخشێ .
٤. قازانجی بزاڤەكانی یەكێتی .
٥. سوودو قازانجی وەبەرهێنانەكان (الأستثمارات) .
٦. كرێی عیقاراتی موڵكی یەكێتی .

**دووەم :** كـۆنگرەی گـشتی چـۆنێتیی خـەرج كردنـی ئەوانـەی بڕگـە (أ،ب،ج،د)ی بەنـدی یەكـەم دیاردەكات و پێویستە دەستەی ئیدارەگەلی لقەكانیش ئیلتیزامیـان بـەو رێنماییانـەوە هـەبێ كـە

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

لەم بارەيەوە دەردەچن و ليژنەگەلى تايبەتكار بە ناوى (ليژنەى زامنكارى و ليژنەى ياريدەدانى ئەندامان) پێك بهێنن بۆ بەركارخستنيان .
**سێيەم :** كردنەوەى حسابێك لە بانكەكانى هەرێمدا .
**چوارەم :** رەزامەندى لەسەر برِيارەكانى ليژنەى زامنكارى و ليژنەى يارمەتيدانى مامۆستايان ، لە كۆبوونەوەكانى لقدا دەدرێ .
**پێنجەم :** حساباتى يەكێتى بۆ ريقابەى ياسايى و دارايى ملكەچ دەبێ .
**شەشەم :** هەر ئەندامێ ئەندامێتى خۆى لە يەكێتيدا لە دەست بدات ، مافى ئەوەى نابێ داواى مافى دارايى لە يەكێتى بكات .
**حەوتەم :** (٤٠٪) چل لە سەدى ئەو داهاتە داراييەى كە لە برگە (د)ى بەندى (يەكەم) دا هاتووە ، لە لايەن لقەوە دەگوازرێتەوەو دەخرێتە سەر حسابى مەكتەبى سكرتارييەت لە بانكەكانى هەرێمدا .
**ماددەى حەڤدە :**
بوجەى گشتيى يەكێتى لە بوجەى تايبەتيى مەكتەبى سكرتارييەت و لقەكان و پرۆژەكان و ئيعتيماداتى تايبەت بە مەكتەبى سكرتارييەت يان لق پێك دێت .
**ماددەى هەژدە :** مەكتەبى سكرتارييەت يان دەستەى لق بۆى هەيە ، دواى رەزامەندى ئەنجومەنى تەنفيزى ، بەشێك لە داهاتە داراييەكەى خۆى لە پرۆژەگەلى رەنێوهێنەكيى (مشاريع أنتاجيە) سوودبەخش بە يەكێتى ، وەبەربهێنێ.

## بەشى پێنجەم

**ماددەى نۆزدە :**
يەكێتى ، كە بە پێى ئەم ياسايە دامەزراوە ، نوێنەرى مامۆستايانى كوردستانى ـ عێراقە لە ناو هەرێم و لە دەرەوەى هەرێميشدا .
**ماددەى بيست :** يەكێتى لە هەموو ئەو ئەنجومەن و ليژنانەدا كە پێوەندييان بە بوارى مامۆستايان و پەروەردە و فێركارييەوە هەيە بەشدار دەبێ .
**ماددەى بيست و يەك :**
**يەكەم :** سەرۆكى يەكێتى و سكرتێرى مەكتەبى سكرتارييەت و سەرۆكانى لقەكان لێ دەبرِێن و خۆ تەرخان دەكەن بۆ بە ئەنجام گەياندنى كارو فرمانى يەكێتى .
**دووەم :** مەكتەبى سكرتارييەت بۆى هەيەو بە رێژەى (٣/٢) دوو سێيەكى ئەندامانى مەكتەب بريار لەسەر خۆ تەرخانكردنى هەر ئەندامێ لە ئەندامانى مەكتەبى سكرتارييەت يا ئەندامى دەستەكانى لقەكان بدات بۆ بەرِێخستنى ئيش و ئەركى يەكێتى .

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

**سـێیەم :** پێویـستە ژمـارەی تـەرخانكراوەكانی ئـیش و كـاری یـەكێ لـە ئەنـدامانی مەكتـەبی سكرتارییەت یان لـە ئەنـدامانی دەسـتەی لـق لـە ڕێـژەی (٣/١) سـێیەكی ژمـارەی ئەندامـەكانی تێنەپەڕێ .

**چـوارەم :** ماوەی خۆ تەرخان كردنی ئەندام بۆ ئیش و كاری یەكێتی بە خزمەتی فیعلی لـە قەڵـەم دەدرێ و بۆ تەرفیع و عەلاوەو خانەنشینی و تەرقیەی زانستی بە خزمەت حساب دەكرێ و ، بە پێی یاساو ڕێنوێنییە تایبەتەكانیش جگە لە مووچـەو دەرماڵـەی پیـشەیی و زانكـۆیی یـەكێتیش دەرماڵەی دیاركراوی بۆ ماوەی خۆتەرخانكردنەكەی دەداتێ .

## بەشـی شەشـەم
## حـوكمـە كـۆتاییـــەكـان

**ماددەی بیسـت و دوو :**

بارەگاكانی یەكێتی بە بڕیـارێكی دادگـایی و بـە ئامـادەبوونی سـەرۆكی یـەكێتی یـان سـەرۆكانی لقەكان یان نوێنەری یەكێتی ، نەبێ نابێ بپشكێنرێن .

**ماددەی بیسـت و سـێ :**

لق لە سنووری جوگرافیی پارێزگاكانی خۆیدا هەوییە بە ئەنـدامانی خـۆی دەدات ، هەویـەكانیش پێویستە یەك بن و لە مەكتەبی سكرتارییەتەوە دەرچووبن .

**ماددەی بیست و چـوار :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتە بەركار .

**ماددەی بیست و پێنـــج :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار .

**ماددەی بیست و شەش :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دا ، دەخرێتە بەركار .

**د. ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئە نجـومـە نی نیشـتمانیی كوردسـتان ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـــاوی خـــوای بەخشـــندەو میهرەبـــان**
**بە نـــاوی گەلـــەوە**
**ئەنجــومەنی نیشتمانیی کوردســـتان ـ عێــراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ٣**
**ڕۆژی بــڕیـــار : ٢٠٠٢/٤/١١**

## " بڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی ماددەی (٣٨) و بڕگە (١ ، ٢)ی ماددەی (٣٩) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (١)ی هەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق ، ئەنجومـەن لـە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/١٠ یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا :ـ

**یەکـەم :** پووچەڵکردنەوەی ئەندامێتی انور شوکر محمد لە لیژنـەی ئەشـغال و ئاوەدانکردنـەوە ، چونکە ناشێ ئەندامێك لە زیاتر لە دوو لیژنەی هەمیشەییدا ئەندام بێت .

**دووەم :** ئەم ئەندامانەی ئەنجومەن کە ناویان لە خوارەوە تۆمارکراوە ، هەریەکـەو بـۆ ئـەو لیژنـە هەمیشەییە زیاد دەکرێت ، کە بەرامبەر ناوەکانیان نیشان دراوە :ـ

١. ظاهر محمد أبراهیم ــ بۆ لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی .
٢. قاسم محمد قاسم ــ بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕۆشنبیری .
٣. د . نیاز میران ــ بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕۆشنبیری .
٤. جمیل عبـدی سندی ــ بۆ لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە .

**سـێیـەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقرارکردنییەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٤/١٠ وەوە خراوەتە بەرکارو لە ڕۆژنامەی (پەرلەمان) و (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە .

**د. ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هــەرێـمــی كــوردســـتــانی عێـــراق**
**ســەرۆكـايــەتی ئە نجومەنی وەزيـــران**
**ژمـــارە /** ٣٧٢
**بـــەروار /** ٢٠٠٢/٤/٢٠

## " بــەيـــان "

لەبەر زيادبوونی ژمارەی دانيشتوانی ناحيەی بنەسلاوە و پێويستی زياتر بـه خزمـەتگوزاری و پشت به بڕياری ئەنجومەنی وەزيران ژمارە (١) لـه كۆبوونـەوەی ژمـارە (٢٣)ی رۆژی ٢٠٠٢/٤/٣ بڕيارمانــدا :

١) ناحيەی بنەسلاوە بكرێتە قەزا و ناوی دەكرێتە قەزای دەشـتی هـەولێر و مەركەزەكەشـی لـە بنەسلاوە دەبێت .

أ. دارەتوو بكرێتە ناحيە و مەركەزەكەشی لە كۆمەڵگای دارەتوو دەبێت .

ب. كەسنەزان بكرێتە ناحيە و مەركەزەكەشی لە كۆمەڵگای كەسنەزان دەبێت.

٢) ناحيەی قوشتەپە لە قەزای هەولێر دەپچڕێت و دەدرێتە قەزای دەشتی هەولێر.

٣) ناحيەی ئالتون كۆپری لـە قـەزای مەركـەزی هـەولێر دەپـچڕێت و دەدرێتـە قـەزای دەشـتی هەولێر.

٤) ناحيەی كەسنەزان لەم گوندانە پێك دێت بە سنووری ئێستای خۆيان .

| ز | گـونـدەكـان | كـەرتــەكـان |
|---|---|---|
| ١ | مەلائۆمەر شەوەك | ٨٤ |
| ٢ | كولەكی گچكە | ٨٧ |
| ٣ | زەروە | ٨٩ |
| ٤ | كولەكی گەورە | ٨٨ |
| ٥ | پيرەش | ٨٨ |
| ٦ | كەلەكين | ٨٥ |
| ٧ | شەرەبوتی گەورە | ٤٣ |
| ٨ | شەرەبوتی گچكە | ٤٣ |
| ٩ | مام چوغان | ٢٠٦ |
| ١٠ | بيرەجنە | ٢٠٧ |
| ١١ | كەسنەزان ئيسماعيل | ٢٠٢ |
| ١٢ | ئاودل براست | ٢٠٣ |

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | شاوەیس | ٩٣ |
| ١٤ | كەسنەزان علی پـاشـا | ٩٥ |
| ١٥ | كانیگەنی و كانیشاوێردی | ٢٠١ |
| ١٦ | بێـوكـە | ٢٠٤ |
| ١٧ | باخـچـە | ٢٠٥ |
| ١٨ | پوونگینــە | ٨٤ |
| ١٩ | هەمــزە بـەگ | ١٨٧ |
| ٢٠ | گردیش | ١٨٧ |
| ٢١ | چەمـرگـە | ١٨٧ |
| ٢٢ | كـورداوە | ١٨٧ |

٥) ناحیەی دارەتوو لەم گوندانەی خوارەوە پێك دێت و بە سنوری ئێستای خۆیان :

| ز | گـونـدەكـان | كـەرتــەكــان |
|---|---|---|
| ١ | كونە گورگ | ٧٦ |
| ٢ | باغەمرەی شەهاب | ٩٧ |
| ٣ | دارەتوو | ٧٢ |
| ٤ | گردەرەشەی مفتـی | ١٤ |
| ٥ | گردەرەشەی ئەسعەد | ١٥ |
| ٦ | باغەمرەی ئەفەندی | ٩٩ |
| ٧ | میـرزا ئـاغـا | ١٣٦ |
| ٨ | ســابلاغ | ١٦٦ |
| ٩ | بیرەجنــە | ١٨٦ |
| ١٠ | هەڵەجەی بچـووك | ١٥٤ |
| ١١ | بێستانەی گەورە | ١٥٥ |
| ١٢ | لاجــان | ١٨٥ |
| ١٣ | هەلەجەی گەورە | ١٥٣ |
| ١٤ | مورتكەی عەلـی مەحمـود | ١٣٥ |
| ١٥ | سەردەشت | ١٦٥ |
| ١٦ | پالآنی | ١٣٧ |

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | ئۆمـــەرە ســۆر | ١٧٠ |
| ١٨ | بێستانەی بچــووك | ١٦٧ |
| ١٩ | ســەرمــەزرە | ١٥٦ |

٦) وەزارەتە پەیوەندارەکان دەبێ مشوری جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی قـەزای دەشـتی هەولێر و هەردوو ناحیەکە بخۆن و هەوڵی دروست کردنی بنایەکان لە بڕیاری ٩٨٦ بدەن.

٧) بەرنامەی درێژخایەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دابنرێت و ، هـەوڵی کردنـەوەی ڕێگـا و دروست کردنی مەراکزی ئابووری و کشتوکاڵی پێشکەتوو و بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕو ماڵات بدرێت .

هەر وەزارەتێك بە پێی پەیوەندی دەبێ کار لەسەر ئـەو سـتراتیژیەتە بکـات و سـاڵ بـە سـاڵ بەرنامە بۆ جێبەجێکردنی دابنێت و ، لە هەر ئـەنجامێکیش بـە راپـۆرت ئەنجومـەنی وەزیـــران ئاگادار بکرێتەوە .

**ســامی عبــدالرحمــن**
**جێگــری ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـــران**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هـەرێمـی كـوردسـتـانی عێـراق**
**سـەرۆكایـەتی ئە نجومەنی وەزیـران**
**وەزارەتی تەندروستیو كاروباری كۆمەلایەتی**
**ژمارە / ٥**
**بـەروار / ٢٠٠٢/٣/١٩**

## " بەیـان "

بۆ جێبەجێكردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠١ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و ، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی پزیشكی دادگوزاری لە هەرێمی كوردستان و بەرزكردنەوەی ئاستی كارامەیی كارمەندان و ، بەرەوپێش بردنی كارەكانی و یارمەتی دانی چەسپاندنی داد لە كورستاندا ، بریارماندا بە :

١. كردنەوەی پەیمانگای پزیشكی دادگوزاری لە هەولێری پایتەخت ، كە بە وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەلایەتیەوە پەیوەست دەبێ .
٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە كاری پێ دەكرێت .

**د . جـمـال عبدالحمید**
**وزیـری تەنـدروستی و كاروبـاری كـۆمەلایـەتی**

ئـەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـوردستان
www.mojkurdistan.com

**هەرێمی کوردستان ــ عێــراق**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیــران**
**وەزارەتـــی داد**

## ( بەیــان ) ژمــارە ( ٣ ) ی ســاڵــی ٢٠٠٢

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و ئاسانکاری و نزیکی قەزای شێخان لە شاری دهۆك بڕیارمانــدا:

١) هەموو کێشەو ناکۆکیەکانی ناو سنوری ئیداری قەزای شێخان بـە سـەرجەم ناحیەکانـەوە لە دادگاکانی ناوەندی پارێزگای دهۆك ببینرێن .

٢) کارەکانی بنکەی پۆلیسی قەسرۆك لە دادگای لێکۆڵینەوەی ئاکرێ ببینرێن .

٣) ئەم بڕیارە ئەو کێشەو داوایانە ناگرێتەوە کە لە پێش مێژووی دەرچوونی ئـەم بڕیـارەوە لە بەردەم دادگا دەبینرێن .

٤) ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامـەی وەقـایعی کوردسـتاندا بڵاودەکرێتەوە .

**هــادی علــی**
**وەزیـــــری داد**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

هــەرێـمـی كــوردســــتـانی عێــراق
سـەرۆكـایـەتی ئە نجومەنی وەزیــران
وەزارەتی نـاوخـــۆ
ژمـــارە / ١
بـــەروار / ٢٠٠٢/٣/٢٠

## ڕێنمایی ژمـــارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢

به پێی ئـەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە لـە بەنـدی (٢٤) ی یاسـای ژمـارە (١٥) ی سـاڵی (٢٠٠١) یاسای رێكخراوە كوردستانییە غەیرە حكومیەكانی هەرێمی كوردسـتانی عێـراق و ، بە مەبەستی رێگا خۆشكردن و رەخساندنی دەرفەتی كاركردن بۆ دروسـت بـوون و دەسـت بـەكاربوونی رێكخـراوە كوردسـتانییە غـەیرە حكومیـەكان ، كـە بەرژەوەنـدی گـشتی بەهاناچوون و ئاوەدانكردنەوەو كاروچالاكی مرۆیی لە خۆگرتبێ و ، بـۆ ئاسـان كردنـی ئـەو یاسایە ئەم رێنمایانەی خوارەومان دەركرد :

١. رێكخراو وەك دەستەیەكی سەربەخۆ دوای وەرگرتنی مۆلەتی یاسایی بۆی هەیە هـەڵس و كەوتی یاسایی ئەنجام بدات بۆ جێبەجێكردنی ئامانجەكانی و لە چوارچێوەی ئـەو یاسـایە دەرنەچێت .
٢. بـۆ پێـشكەش كردنـی داوای دامەزرانـدنی رێكخـراو ، پێویـستە داواكاریـەكان لـە رێگـای پارێزگاكانـەوە پێـشكەش بكـرێن و دوای تـەواوبوونی مەرجـەكانی مۆڵـەت پێـدان بۆمـان بەرزدەكرێتەوە بە مەبەستی مۆڵەت دانی یاسایی بە رێكخراوەكە .
٣. پێویستە ناوی رێكخراوەكە ناوێكی كوردی رەسەن بێت .
٤. دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی ، رێكخـراو بـۆ ی هەیـە داوای كردنـەوەی نووسـینگە لـە دەرەوەی هەرێمی كوردستان بكات و یان بیەوێت چالاكی لە دەرەوەی هەرێم ئەنجام بدات ، بە مەرجێك بە لیستێك نـاوی شـوێنی نووسـینگەكەو، یـان ئـەو شـوێنەی چـالاكیەكەی تیـادا ئـەنجام دەدات لـە گـەڵ نـاوی ئـەو ئەنـدام و كەسـانەی تیایـدا كـار دەكـەن و جـۆری كـارو چالاكیەكان بە تەواوی دیار بكەن و ، دوای وەرگرتنی رەزامەندیمان بۆی هەیە بەشـێوەیەكی یاسایی و راستەخۆ دەست بەكار و چالاكیەكانی بكات .
٥. پێویـستە لەسـەر هـەر رێكخراوێـك لـە كـاتی كاركردنـدا لـە رووی كـارگێریو دارایـی و هونەرییەوە رەچاوی سیستەمی یاسایی بكات ، كە لـەو بوارانـەدا لـە هـەرێمی كوردسـتان كاریان پێدەكرێت و خۆی لە گەڵیاندا بگونجێنێت .

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. له كاتی پشكنینی تۆمارەكانی ڕێكخراو له لایەن نوێنەرمانەوە ، پێویسته تۆمارەكان لە لایەن فەرمانگەی دادنووسەوە (كاتب عدل) مۆركرابێت و ، بە پێچەوانەوە دووچاری لێپرسینەوە دەبن و تۆمارەكەش ئیعتباری پێ ناكرێت.

٧. پێویسته ڕێكخراو ساڵانه لیستێك بە ناوی ئەو پرۆژەو كاروچالاكیانەی ئەنجامی داون چ لە گەڵ دەزگاكانی حكومی و ئەهلی ناوەوەی هەرێم یان لە گەڵ ڕێكخراوە بیانیەكانی حكومیو غەیرە حكومی ناو هەرێم یان لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان ئامادە بكات .

٨. لە كاتی هەر گرێ بەستێك لە گەڵ ڕێكخراوە بیانیەكانی دەرەوەو ناوەوەی هەرێم یان وەرگرتنی كۆمەك و پیتاك و بەخشینەكانی مادی بێت یان عەینی بە تایبەتی لە دەرەوەی هەرێم پێویسته بكرێت بە داهات و لە ژێر سەرپەرشتی كردنی لیژنەی تایبەت بەسەر ئەو چالاكیو پرۆژانەی بەرژەوەندی گشتین دابەش بكرێت ، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەی سەرپەرشتی كردن لە وەزارەت دەست نیشان دەكرێت و نوێنەرێكی وەزارەتی داراییو ئابووری تێدا بەشدار دەبێت .

٩. بە پێی بەندی (١٣) ـەی ئەو یاسایە پێویسته ڕێكخراو ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی یان لە كاتی پێویستدا پێشكەش بە وەزارەت بكات .

١٠. ڕێكخراوەكان بۆیان هەیە بەشداری لەهەر كۆنگرەو توێژینەوەیەك بكەن لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی كوردستان بە مەبەستی پێشخستن و خزمەتی زیاتر بە هەرێمی كوردستان و بۆ جێبەجێ كردنی ئامانجەكانی ئەو یاسایە ، بۆ ئەو مەبەستەش پێویسته ڕەزامەندی پێشوەختەی لەسەر وەربگیرێت .

١١. ڕێكخراو بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئارەزومەندانە (اختیاری) یان بە تێكەڵ بوون لە گەڵ ڕێكخراوێكی تر بكات ، بە مەرجێ هیچ پابەندبوونێكی یاسایی و دارایی كەس و لایەنێكی لەسەر نەبێت بۆ ئەو مەبەستەش پێش ڕەزامەندیمان لەسەر داواكەیان بە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێگای ڕۆژنامە و كەناڵەكانی تری ڕاگەیاندن دەقی داواكاریەكەیان بلاودەكرێتەوە ، ئەگەر كەس داوای لە دژیان تۆمارنەكردن ، ڕەزامەندی لەسەر دەكرێت بە پێی یاسا .

١٢. ئەو ڕێنماییانەمان لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێدەكرێت .

**كـريم سـنجاری**
**وەزيـــــری ناوخـــۆ**

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الـرحمن الـرحيـم**
**بـأسـم الـشـعـب**
**المجلس الوطني لكوردستان ـ العـراق**
**رقـم الأصـــدار : ٤**
**تـأريـخ الأصـــدار : ٢٠٠٢/٤/١٧**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان ــ العراق ، وما شرعه المجلس بجلسته الأعتيادية المرقمة (٩) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٢/٤/١٦ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الأتي :

## قـانـون رقـم ( ٤ ) لسـنـة ٢٠٠٢
## قـانـون اتحـاد معلمي كـوردسـتـان ـ العـراق
## الفصـل الأول

**المادة الأولى :**

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها :

١. الأقليم : اقليم كوردستان ــ العراق .
٢. الوزارة : وزارة التربية .
٣. الأتحـاد : اتحاد معلمي كوردستان ــ العراق .
٤. المجلس : المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان ــ العراق .
٥. مكتب السكرتارية : مكتب سكرتارية اتحاد معلمي كوردستان ــ العراق .
٦. الهيئة العامة : جميع أعضاء اتحاد معلمي كوردستان ــ العراق .
٧. المعلم : جميع المعلمين و المدرسين من منتسبي وزارة التربية و التدريسيين في الجامعات و المعاهد .

## الفصـل الثـاني
## التـأسيس و الأهـداف

**المادة الثانيـة :**

يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد بأسم اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق و يكون مقره الرئيس في العاصمة أربيل وله أن يفتح فروعاً في محافظات الأقليم .

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الثالثـة :**

الأتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية و لـه حـق تملـك الأمـوال المنقولـة و غـير المنقولة .

**المادة الرابعـة :**

**اولاً :** يعمل الأتحاد لتحقيق الأهداف التالية :

١. ترسيخ النظام الفيدرالي لكوردستان ــ العراق .
٢. الدفاع عن الحريات الديمقراطية و السلم و مباديء حقوق الأنسان .
٣. الأسـهام في رفـع المـستوى التربـوي و التعليمـي و القـدرات العلميـة و الثقافيـة و الفكريـة للمعلمـين و اعـدادهم بمـا يحقـق الأيمـان التـام بالقـضايا القوميـة و الوطنيـة و اهـداف الحركـة التحررية الكوردية (كوردايەتى)
٤. المساهمة في وضع ستراتيجية نظام التربية و التعليم في الأقليم لاعداد برامج و مناهج تتلاءم مع الأهداف و الطموحات المشروعة لشعب كوردستان ــ العراق .
٥. احترام مهنة التعليم و صيانة قدسية المدارس و المعاهـد و الجامعـات و الـدفاع عـن حقـوق معلمي كوردستان و تحقيق اهدافهم و طموحاتهم و ضمان الحرية الكاملة لأداء مهامهم .
٦. رفع المستوى المعاشي للمعلمين و تقديم الخدمات الأجتماعية و الـصحية في المجـالات الـتي تحقق الحياة الكريمة .
٧. الحفاظ على التراث القومي في كوردستان و تطوير الوضع الثقافي و ابراز دور المعلم في البناء و التطوير الحضاري و تحويل المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني .
٨. المساهمة في الزامية التعليم و تعليم الكبار و مكافحة الأمية في الأقليم .
٩. التعـاون و تطـوير العلاقـات مـع النقابـات و المنظمـات و الأتحـادات و الجمعيـات المهنيـة و الجماهيرية داخل الأقليم و خارجه
١٠. تمتين العلاقة مع المعلمين في بقية انحاء العراق .
١١. اشراك معلمي كوردستان في الندوات و المؤتمرات التربوية و العلمية خارج الأقليم .
١٢. ضمان و حماية الحقوق التربوية و الثقافية للقوميات المتأخية في الأقليم .

**ثانياً :** لتحقيق اهدافه للأتحاد :

١. تأسـيس الجمعيـات و النـوادي الأجتماعيـة و الثقافيـة الخاصـة بـالمعلمين في الأقليم .
٢. حق الأشراف المباشر على الجمعيات و المؤسـسات الـتي يقـوم بتأسـيسها و له ان ينتدب عضواً في الهيئة الأدارية لهذه الجمعيات لتمثيله .

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسـة :**

يعتبر اعضاء في الأتحاد :

أ. جميع المعلمين من منتسبي وزارة التربية و التدريسيين في المعاهد و الجامعات في الأقليم .

ب. المعلمون من شهداء الحركة التحررية الكوردستانية أعضاء فخريين .

ج. معلمو ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين .

د. المتقاعدون من أعضاء الأتحاد و لمدة سنة واحدة اعتباراً من تأريخ احالتهم على التقاعد و أنفكاكهم من الوظيفة .

## الفصـل الثـالـث

**المادة السادسـة :**

يتكون الأتحاد من الهيئات التالية :

١. الهيئة العامة .

٢. المجلس التنفيذي .

٣. مكتب السكرتارية .

٤. هيئة الفرع .

٥. لجنة القضاء .

**المادة السابعـة :**

أ. تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء الأتحاد الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب احكام هذا القانون و تعتبر أعلى سلطة فيه و تجتمع في مركز الأتحاد كل سنتين مرة واحدة لعقد المؤتمر العام عن طريق المندوبين بنسبة يحددها المجلس التنفيذي لأنتخاب رئيس الأتحاد و أعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددهم خمسة عشر عضواً أصلياً و أربعة أعضاء أحتياط و يتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين و عند أكتمال النصاب تجري الأنتخابات بعد مرور خمسة عشر يوماً من الأجتماع الأول و في نفس الزمان و المكان و يعتبر النصاب كاملاً مهما بلغ عدد المندوبين الحاضرين .

ب. يكون رئيس الأتحاد و أعضاء المجلس التنفيذي و مكتب السكرتارية و أعضاء هيآت الفروع أعضاء في المؤتمر.

ج. للأتحاد عقد مؤتمر استثنائي بناءاً على طلب يقدمه ٣/٢ من اعضاء المجلس التنفيذي أو بناءاً على طلب ثلث أعضاء الهيئة العامة .

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الثامنـة :**

يشترط فيمن ينتخب رئيساً للآتحاد أن يكون من مواطني الأقليم و له خدمة لا تقل عن خمس عشرة سنة .

**المادة التاسعة :**

يتولى رئيس الأتحاد الصلاحيات الأتية :

أ. تمثيل الأتحاد لدى الجهات القضائية و الأدارية و المؤتمرات و المصادقة على المعاملات و الوثائق الخاصة بالأتحاد و له تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من أعضاء المجلس .

ب. رئاسة أجتماعات الهيئة العامة و المجلس التنفيذي .

**المادة العاشرة :**

اذا شغر منصب رئيس الأتحاد يتم انتخاب رئيس أخر و بنفس الطريقة الواردة في هذا القانون اذا كانت المدة المتبقية للمؤتمر العام أكثر من ستة أشهر .

## مهــام و صلاحيــات الـمـؤتـمــر

**المادة الحادية عشرة :**

١. دراسة و مناقشة قانون صندوق الضمان و صندوق الوفيات و صندوق الأمراض المستعصية و الخطرة الخاصة بالأتحاد و اقرارها .

٢. دراسة و مناقشة قانون الأتحاد و تقديم المقترحات اللازمة لتعديله .

٣. دراسة و مناقشة النظام الداخلي للأتحاد واقراره .

٤. دراسة و تنظيم واجبات و مهام لجان المؤتمر العام و اقرار التقريرين الأداري و المالي .

## تشـكيلات الـمجلس التنفيــذي و مهــامــه

**المادة الثانية عشرة :**

**أولاً :** يتكون المجلس التنفيذي من :

١. رئيس الأتحاد .

٢. أعضاء مكتب السكرتارية .

٣. رؤساء فروع المحافظات .

**ثانياً :** يمارس المجلس الصلاحيات و المهام التالية :

١. متابعة أعمال مكتب السكرتارية و هيئات الفروع .

٢. متابعة تنفيذ توصيات و مقررات المؤتمر .

٣. اعداد الموازنة العامة و الحسابات الختامية .

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٤. منح شرف العضوية للشخصيات التربوية و الفكرية .

٥. دراسة و مناقشة النظام الداخلي و تقديم المقترحات الضرورية لتعديله .

**ثالثاً** : يعقد المجلس التنفيذي اجتماعاته الدورية مرة واحدة كل ثلاثة أشهر لادارة شؤون الأتحاد و له عقد اجتماعات استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك .

## مكتب السكرتارية

**المادة الثالثة عشرة :**

**أولاً** : يعتبر مكتب السكرتارية الهيئة العاملة للمجلس التنفيذي للأتحاد و ينتخب من بين أعضائه سكرتيراً و يكون نائباً لرئيس الأتحاد و مسؤولي اللجان المالية و الأدارية و يقوم بتوزيع الأعمال بين أعضائه و يحضر رئيس الأتحاد أجتماعات مكتب السكرتارية و عند حضوره ينعقد الأجتماع برئاسته.

**ثانياً** : يشترط فيمن ينتحب لعضوية مكتب السكرتارية و هيئات الفروع أن يكون من مواطني الأقليم و لا تقل خدمته عن عشر سنوات .

**ثالثاً** : يمارس مكتب السكرتارية المهام التالية :

١. تنفيذ مقررات و توصيات المؤتمر العام .

٢. تنفيذ مقررات و توجيهات و تعليمات المجلس .

٣. الأشراف على نشاطات الفروع و اصدار التوجيهات و التعليمات اللازمة بما يحقق المصلحة العامة و العملية التربوية و التعليمية و تمتين العلاقة مع الهيئات الأدارية للفروع .

٤. اقرار صرف الأموال اللازمة لتنفيذ مهام مكتب السكرتارية في حدود الصلاحيات المقررة و ضمن المبالغ المرصدة في الميزانية العامة و له أن يجري المناقلات المالية ضمن الميزانية المقررة .

٥. العمل على تعزيز العلاقة مع النقابات و المنظمات المهنية و الجماهيرية في الأقليم .

٦. اعداد الموازنة السنوية و الحسابات الختامية و تقديمها الى المجلس للمصادقة عليها .

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان

## هيئـة الفـرع

www.mojkurdistan.com

**المادة الرابعة عشرة :**

**اولاً :**

١. يجتمـع منـدوبوا المحافظـة المنتخبـون لعـضوية المـؤتمر العـام بعـد اتمـام أعمـال المـؤتمر لأنتخاب هيئة الفرع من بينهم و التي تتكون من سـبعة أعـضاء اصـليين و عـضوين احتيـاط و بأشراف مكتب السكرتارية .

٢. تنتخب هيئة الفرع في أول أجتماع لها رئيساً للفرع و مسؤولي اللجان المختصة .

**ثانياً :** تمارس هيئة الفرع المهام و الصلاحيات التالية :

١. تنفيذ مقررات و توصيات مكتب السكرتارية .

٢. مناقشة الميزانية السنوية الخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية للأتحاد و تنفيذ التعليمات المالية و صندوق الضمان و صندوق الوفيات و صندوق الأمراض المستعصية و الخطرة .

## لـجـنــة القـضـــاء

**المادة الخامسة عشرة :**

**أولاً :** يجتمع مندوبوا القضاء المنتخبون لعضوية المؤتمر العام بعد اتمـام أعمـال المـؤتمر لأنتخـاب لجنة القضاء من بينهم و التي تتكون من ثلاثة أعضاء أصليين و عـضو أحتيـاط و بأشـراف هيئـة الفرع .

**ثانياً :** في أول اجتماع تعقده لجنة القضاء تنتخب من بـين اعـضائها رئيـساً لهـا و يحـضر الـرئيس اجتماعات هيئة فرع الأتحاد .

**ثالثاً :** مهام لجنة القضاء :

١. تنفيذ قرارات و توجيهات هيئة الفرع .

٢. الأشراف على أمور الأتحاد في القضاء .

٣. رفع التقارير الدورية الى هيئة الفرع حول كل ما تراه ضرورياً لرفع مستوى التعليم .

## الفصـل الـرابـــع
## مـالـيـــة الأتـحـــاد

**المادة السادسة عشرة :**

**أولاً :** تتكون مالية الأتحاد مما يلي :

١. خمسة دنانير يدفعها كل عضو من المعلمين و المدرسـين شـهرياً يـستقطع مـن راتبـه علـى الشكل الأتي :

أ. دينارين لمصلحة صندوق الضمان .

ب. دينار واحد كبدل اشتراك عن صندوق الوفيات .

ج. دينار واحد كبدل اشتراك في صندوق الأمراض المستعصية .

د. دينار واحد كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية .

ئــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢. ضعف ما هو مقرر في الفقرة (١) أعلاه يدفعه كل عضو من التدريسيين في المعاهد و الجامعات .
٣. المنح و المساعدات من حكومة الأقليم .
٤. ريع نشاطات الأتحاد .
٥. فوائد الأستثمارات .
٦. بدلات ايجار عقارات المملوكة للأتحاد .

**ثانياً** : يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ.ب.ج.د) من البند أولاً و على الهيئات الأدارية للفرع الألتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص و تشكل اللجان الخاصة بأسم (لجنة الضمان و لجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.

**ثالثاً** : فتح حساب في مصارف الأقليم .

**رابعاً** : تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان و لجنة مساعدة المعلمين في أجتماعات الفرع .

**خامساً** : تخضع حسابات الأتحاد للرقابة القانونية و المالية .

**سادساً** : لا يحق لأي عضو مطالبة الأتحاد بالحقوق المالية اذا فقد عضويته في الأتحاد .

**سابعاً** : يتم نقل نسبة (٤٠٪) أربعين بالمائة من الموارد المالية الواردة في الفقرة (د) من البند أولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الأقليم من قبل الفرع .

**المادة السابعة عشرة :**

تتكون الميزانية العامة للأتحاد من الميزانية الخاصة لمكتب السكرتارية و الفروع و المشاريع و الأعتمادات الخاصة بمكتب السكرتارية أو الفرع .

**المادة الثامنة عشرة :**

لمكتب السكرتارية او هيئة الفرع بموافقة المجلس التنفيذي أن يستثمر جزءاً من موارده المالية في مشاريع أنتاجية تدر فوائد على الأتحاد .

## الفصل الخامس

**المادة التاسعة عشرة :**

الأتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل معلمي كوردستان ـ العراق داخل أقليم كوردستان و خارجه .

**المادة العشرون :**

يساهم الأتحاد في جميع المجالس و اللجان المتعلقة بمجال المعلمين و التربية و التعليم .

**المادة الحادية و العشرون :**

**أولاً** : يكون رئيس الأتحاد و سكرتير مكتب السكرتارية و رؤساء الفروع متفرغين لأنجاز أعمال و مهام الأتحاد .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ثانياً :** لمكتب السكرتارية و بنسبة (٣/٢) ثلثي اعضاء المكتب أن يقرر تفرغ أي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية او هيئات الفروع لمهام و واجبات الأتحاد .

**ثالثاً :** يجب أن لا يتجاوز عدد المتفرغين لمهام الأتحاد من أعضاء مكتب السكرتارية او هيئات الفرع عن (٣/١) ثلث عدد الأعضاء .

**رابعاً :** تعتبر المدة التي يقضيها العضو في التفرغ لمهام الأتحاد خدمة فعلية لأغراض الترفيع و العلاوة و التقاعد و الترقية العلمية و يصرف له الأتحاد مخصصات محددة خلال فترة تفرغه اضافة الى رواتبه و مخصصاته المهنية أو الجامعية المقررة بموجب القانون و التعليمات الخاصة .

## الفصل السادس
## الأحكام الختامية

**المادة الثانية و العشرون :**

لا يجوز تفتيش مقرات الأتحاد الا بقرار قضائي و بحضور رئيس الأتحاد أو رؤساء الفروع أو من يمثل الأتحاد.

**المادة الثالثة و العشرون :**

يتم منح هويات الأعضاء من قبل الفرع ضمن الحدود الجغرافية للمحافظة و يجب أن تكون موحدة و صادرة من مكتب السكرتارية .

**المادة الرابعة و العشرون :**

لا يعمل باي نص يتعارض و أحكام هذا القانون .

**المادة الخامسة و العشرون :**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة السادسة و العشورن :**

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائــع كوردستان .

**د. رۆژ نــوري شــاويــس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الـرحمن الـرحيـم**
**بـأسـم الـشـعـب**
**المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**
**رقم القــرار : ٣**
**تـأريخ القــرار : ٢٠٠٢/٤/١١**

## " قــرار "

استناداً لحكم المادة (٣٨) و الفقرة (١ و ٢) من المادة (٣٩) من النظام الـداخلي للمجلس الـوطني لكوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بـتأريخ ٢٠٠٢/٤/١٠ ما يلــي :

**أولاً** : الغاء عضوية أنور شوكر محمد من لجنة الأشغال و الأعمار لعدم جواز الجمع بين عضوية أكثر من لجنتين دائميتين .

**ثانيـاً** : يضاف أعضاء المجلس الواردة اسماءهم أدناه الى اللجان الدائمية المؤشرة أزاء أسم كل واحد منهم :

١. ظاهر محمد أبراهيم ـ لجنة الشؤون الصحية و الأجتماعية .
٢. قاسم محمد قاسم ـ لجنة العلاقات و الشؤون الثقافية .
٣. د . نياز ميران ـ لجنة العلاقات و الشؤون الثقافية .
٤. جميل عبدي سندي ـ لجنة الأشغال و الأعمار .

**ثالثـاً** : يعتبر هذا القرار نافذاً أعتباراً من تأريخ اقراره في ٢٠٠٢/٤/١٠ و ينشر في جريدة (پرلمان) و وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نـوري شـاويـس**
**رئيـس الـمجـلـس الـوطني لكوردسـتان ـ العـراق**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com